Komala Party _ Iranian Kurdistan
secretariat

کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
سکرتاریەت

راگەیاندنی ژمارە ٤ی سکرتاریەتی کۆمەڵە:

# ئەشکەنجەی گیراوەکان و مانگرتنی گشتیی لە شاری مەهاباد

بە دوای پشتیوانی بەشێك لە شارەکانی کوردستان لە خواستەکانی خەڵکی مەهاباد، بە تایبەت خواستی ئازاد کردنی سەدان کەسی لە بەند کراو، کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی ئەشکەنجە دانی وەحشیانەی دەست بە سەر کراوانیان دەست پێکردووە.
بە پێی ئەو هەواڵانەی کە بە ئێمە گەیشتوون، بەند کراوەکانی مەهاباد کەوتوونەتە ژێر توندترین ئەشکەنجەی جەستەییەوە. بۆ ناڕەزایەتی دەربڕین بەرامبەر بەم هەڵسووکەوتە وەحشیانەیە، لە سەر لە بەیانی ئەمڕۆوە خەڵکی شاری مەهاباد تەواوی دوکان و فرووشگاکانیان داخستووە و دەستیان داوەتە مانگرتنی گشتیی و سیاسی.
ئێمە بۆ جارێکی‌تر لە خواستی خەڵکی مەهاباد پشتیوانی دەکەین و داوا لە هەموو کۆڕ و کۆمەڵی نێونەتەوەیی و رێکخراوەکان، کەسایەتییەکان و خەباتکارانی سیاسی لە ئێران دەکەین کە دەنگی ناڕەزایەتی خۆیان بەرامبەر بەم کردەوە وەحشیانەیە بەرزتر بکەنەوە.

سکرتاریەتی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
٢٠٠٥/٧/٢٣

www.komala.org

Email: Komala١٣٤٨@hotmail.com
Tel: (٠٠٤٤٧٠٤)٣١٣٨٤٩٩
Mobile: ٠٠٩٦٤٧٧٠١٤٠٥١٣٤
**Fax:** ٠٠٤٤٧٠٤٣١٤٠٤٤٩